# هەڵبژاردن: بەڵێنە پانوپۆڕەکان و نادیاری بەدیهێنانیان

**شاخەوان شۆڕش**

لەگەڵ پەسندکردنی بنچینەیاسای ئێراقی لە مانگی ئۆکتۆبەری 2005 دا, دواقۆناغی دروستکردنەوەی ئێراق وەکو ستات تیۆریانە کۆتایی پێهات و ئێراق بووەوە خاوەن بنچینەیاسا و سەرلەنوێ دروستکرایەوە. هەڵبژاردنی ئێستا یەکەم هەنگاوی پراکتیزەکردنی ئەوەیە کە تیۆریانە کراوە. دیارە هەموو لایەنێکی یاسا و ڕێساکانی پەیوەستدار بە بەرژەوەندی گروپەکانی ناو ئێراق لە چوارچێوە تیۆریەکەشدا چارەسەر نەکراوە و هەندێ کێشە بە ناتەواوی ماوەتەوە. بنچینەیاساکە ناحەزی زۆرە و بەو ناتەواویانەیەوە دەچێتە قۆناغی دیکە. ئەوەش وایدەچێ کێشەی زۆر دروست دەکات و ڕەنگە پرۆسەکە هەمووی لەباریەک هەڵوەشێنێتەوە.

زۆرینەی خەڵکی کوردستان لە چەندین پرۆسەی دروستکردنەوەی یەک لەدوای یەکدا پشتگیری دەسەڵاتدارانی کوردیان کرد و پەسندی ئێراقیان کردەوە. خەڵکی کوردستان پشتگیری دەسەڵاتدارانیان کرد, چونکە بڕوایان بە گۆتە و بەڵێنی ئەوان بۆ گەیشتن بە ئازادی تەواو لەو ڕێگایەوە کرد. خەڵک بەهیوای گەیشتن بە ئازادی تەواوە. دیارە دەسەڵاتدارانیش بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەوەیان پێ گوتوون و بەڵێنی ئەوەیان داوە کەوا ئەوان کار بۆ ئەو مەبەستە دەکەن. وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڵێت "*ئێمە لە لوتکەین یان لەبن لوتکەین, دەنگدان و سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا ئێمە دەگەیەنێتە سەرکەوتن*[1]". ئەوجا دەسەڵاتداران چەند ڕاست دەکەن یان چەند کار بۆ ئەو ئامانجە دەکەن ئەوە دواڕۆژی نزیک دەری دەخات. شایانی باسە گومان لەو کارکردنە وەکو پێشوو هەیە و بەشێکیان سەربەخۆیی بە خەون و ناریالیست دەزانن, ئەوە جگەلەوەی هەوڵ دەدەن کێشەی سنور, کێشەی کەرکوک, کێشەی سامانی سروشتی و کێشەی فیدرالی زۆر ئاڵۆزتر لەخۆیان پیشان بدەن, وەکو بڵێی هەوڵ دەدرێت و دەیانەوێ خەڵک لە ئەگەری دۆڕانەکان ئاگادار بکەنەوە و بەمجۆرە خۆیانی لێ بپەڕێننەوە.
هەرچۆنی بێت ئێستا خەڵکی باشوری کوردستان وەکو هەر بەشێکی دیکەی ئێراق, بوونەوە ئێراقی و ناچارن و دەبێ لەو چوارچێوەیەدا چارەسەری کێشەکانیان بکەن. دەنگ بە لیستەکانی خۆیان نەدەن خۆیان لاواز دەبن, دەنگی پێ بدەن ئەوە بەلایەنیکەم خۆیان لە ئاستی ڕێژەی خۆیاندا لە ئێراقدا دەهێڵنەوە. ئەوجا نوێنەرانی ئەوان چەند بەتوانان یان چەند شایانی ئەوەن, ئەوە پرسیارێکی دیکەیە.

میدیاکان لە کوردستان و هەموو ئێراقدا, زۆر لایەنگیرانەوە و لە ڕوانگەی تایبەتەوە سەیری هەڵبژاردنەکە دەکەن, بەمجۆرە "بێلایەنی" بوونی نییە و زۆربەی لاپەڕەی میدیاکان بە پروپاگەندەی ڕەنگاوی و پانوپۆڕ ڕازاونەتەوە. میدیای سەر بە پارتە دەسەڵاتدارەکان باڵی کێشاوەتە سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی, بەمشێوەیە بۆچوونی سەر بە ڕێچکەی ڕامیاریی تایبەت زۆر زاڵە.

پەیامەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بریتیە لە کۆمەڵێ بەڵێنی گەورە و پانوپۆڕ. گەیشتن بەو ئامانجانەی کە پەیوەندیان بە کێشەی ناسیونالیستیەوە هەیە پێویستیان بە زیاتر ڕوون کردنەوە و وردکرنەوە هەیە سەبارەت بەوەی چۆن و بە چی ڕێگایەک ئەو ئامانجانە دەکرێ بەدی بێن. تەنها بوونی نوێنەرانی کورد لە بەغدا گەرەنتی ئەو ئامانجانە ناکات. نوێنەرانی کورد بوون یاسای فیدرالی پارێزگاکانیان لە 15ی 11 ی 2003دا مۆرکرد. پاسەپۆرت

لەبەرچاوی نوێنەرانی کورد دەرکرا و بە کوردی لەسەری نەنوسرا. بەدەیان بڕیاری دیکە بە بەر لوتی نوێنەرانی کورد ڕەت بوو و پاشان لەبەر هاواری خەڵک لێی هوشیار بوونەوە.
سەبارەت بەو پەیام و خاڵانەی پەیوەندیان بە مافی مرۆڤ, ئازادی و یەکسانی, دیموکراسی و زۆری دیکەوە هەیە, ئەوە بەرزکردنەوەیان لەلایەن دەسەڵاتێکە کە خۆی هۆی نەبوونیانە و خۆی وایکردووە ئەو دیاردانە بەدی نەیەن یا گیربخۆن و سەرکەوتوو نەبن. ئێستا ئەو هاتووە بە خەڵک دەڵێت دەنگم پێ بدەن, من ئاواتم بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەیە! سەبارەت بە چارەسەری گەندەڵی, پەیامیان چارەسەری کێشەی گەندەڵییە. ئاشکرایە لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەواندا گەندەڵی بەو شێوە بەربڵاوەی دروست بووە, ئێستا ئەوان بەخەڵک دەڵێن دەنگمان پێ بدەن, ئێمە چارەسەری گەندەڵی دەکەین!
ئەو نوێنەرانەی ناویان لە لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا هەیە, کەس نازانێ ئەوانە چین, چ کارەن و بۆ ئەوانە دەتوانن لە بەغدا سەرکەوتووبن؟!

هەندێ لیستی سەربەخۆ لە کوردستاندا هەن, بەڵام ئەو لیستانە بەرەوڕووی گەمارۆی لایەنە بەهێزەکە بوونەتەوە و لە هەندێ بواردا دەستیشیان لێوەشێندراوە. ناوناتۆرەی زۆریان بۆ دروستکراوە. لەوانە بەتایبەتی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی لە ژێر فشاردایە. ئاشکرایە یەکگرتوو پارتێکە و هەوڵی ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان دەدەن و بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی ئیسلامی هەوڵ دەدەن.
شایانی سەرنجدانە یەکگرتوو و لایەنە ئیسلامیەکان بەگشتی بێ ئەوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیان بەدەستەوە بێت, بەو پشتگیریە دەرەکیەی کە هەیانبووە و هەیانە, توانیان و توانیویانە سود لە بۆشایەکانی دەسەڵاتی پارچەبووی کوردی وەرگرن و تاڕەیەکی زۆردیار کۆمەڵگەی کوردستان ئیسلامیزە بکەن. خەڵکێکی زۆری ئەمرۆی کوردستان ئەندامی یەکگرتوو یا لایەنێکی دیکەی ئیسلامی نین, بەڵام پەیڕەوی ئەو نۆرم و یاسایە دەکەن کە ئەوان دەیانەوێ. ئەوەش لەلایەک بەڵگەی سەرکەوتوویی ئەو لایەنە ئیسلامیانە دەردەخات, لەلایەکی تر بەڵگەی بێ پەیامی و نالەباری پارتی دەسەڵاتدار دەخاتەڕوو.
ئێستا یەکگرتوو دەیەوێ سود لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن وەرگرێت و ئەو بێزاریەی خەڵک لە دەسەڵاتی کوردی بۆ خۆی بقۆزێتەوە و لە دەسەڵاتدا لە جاران کاریگەرانەتر مۆرکی ڕەوتی ئیسلامیانەی خۆیان بسەپێنن. ئەوەش زەنگی مەترسی لای دەسەڵاتدارانی کوردی دروست کردووە. دیارە تراديسيۆنی دەسەڵاتی کوردی وابووە, ئەو پارتانەی کە لەگەڵیاندا کاردەکەن دەبێ لە ژێر فەرمانی ئەواندا بن, ئەگەرنا یا لێیان دراوە یا دابەش بوون دروست بووە, هەروەها نەشیان هێشتووە پارتی بەرهەڵستکار دروست ببێت. بەکورتی دەسەڵاتی کوردی هێندەی لاگرنگ نەبووە کۆمەڵگە دەکرێتە کۆمەڵگەیەکی کۆنسێرڤەتیو و ئیسلامی, ئەوان ئەوەیان لاگرنگ بووە کەس لە دەسەڵاتدا نەبێتە هاوتایان. بەبەڵگەی ئەوەی ئەو بەئیسلامکردن و ئیسلامیزەکردنەی کۆمەڵگەی کوردستان هەمووی لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی ئەواندا ڕوویدا. بەو واتایە ئەوان خۆیان پشتگیری کشانەوەی کۆمەڵگەیان بەرەو کۆنەپەرستی و داخراوی بە شێوەیەک لە شێوەکان کردووە. چونکە پێیان وانەبووە ئەو دیاردەیە بتوانێ مەترسی لەسەر دەسەڵاتیاندا دروست بکات.

سیستەمی پارت لە ئێراقدا بە شێوەیەک داڕشتراوە دەیەوێ ستاتی ئێراق باشتر بەیەکەوە گرێ بدات, دڵسۆزی سەرتاسەری بۆ ئێراق لە ڕێگای ئەو سیستەمەوە پەیدا بکات و بەسەر دڵسۆزی ناوچە یا کەناردا زاڵی بکات. مەبەستیەتی سنوری جوداییە جوگرافی و ناوچەیی, نەتەوەیی و ئایینیەکان ببەزێنێت و تێکەڵی یەکیان بکات. بەکورتی ئەو سیتەمە گەرەکیەتی ناسنامەی سەرتاسەری ئێراقی بەسەر ناسنامە ناوچەییەکاندا زاڵ بکات و بەمجۆرە

**دڵسۆزی بۆ ناسنامەی گشت بەهێزبکات. ئەوەش وادەکات سەنترال بەهێز بکات, کە گەرەنتی مانەوەی ئەو یەکگرتنە فیدرالیە بەهێزتر دەکات. بەو تێگەیشتنە دڵسۆزی سەرتاسەری و گشت بۆ ناوەند, گەرەنتی یەکگرتوو مانەوەی وڵاتەکەیە. بەبێ بوونی ئەو دڵسۆزیە سەرتاسەریە ئەگەری سەرکەوتنی سیستەمی فیدرالی لە چوارچێوە دیموکراسیەکەیدا زۆر کەمە. ئەوەش سیستەمێکە سەرچاوەکەی سیستەمی فیدرالی ئەمەریکایە و لەگەڵ پێکهاتەی ئێراقدا گونجاندنی ئاسان نییە و چاوەڕوانی کێشەی زۆری لێدەکرێت.**

**بۆنمونە پەیامەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان وێنای هەولێک دەکات, لەلایەک ئاماژە بەو کێشانەی کە بە کەنارەوە (کوردستانەوە) بەندن دەکات و بانگاشەی چارەسەریان بۆدەکات. ئەو کێشانە زۆربەیان نەتەوایەتین و ئاماژە بە خۆجیاکردنەوەی کەنار دەکەن. لەلایەکی دیکە هەوڵ دەدات ئاماژە بە کێشە گشتیەکانی هەموو ئێراق بکات و بانگاشەی بەدیهێنانیان دەکات. بەمشێوەیە دەیەوێ ڕەوایەتی بداتە ناسنامە گشتیەکە و دەسەڵاتی ناوەند. زۆر چاکیش ئاگادارە خەڵکی کوردستان کێشە کوردستانیەکانی لاگرنگە و دڵسۆزی بەغدا نییە. پارتە ڕامیاریە ئێراقیەکانیش هەر یەکەیان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناو گروپ و ناوچەی خۆیاندا پشتگیریان هەیە.**

**لەو هەڵبژاردنەی ئەوجارەدا ئەگەری بەشداری لایەنی سوننە هەیە, بەوشێوەیە ئەگەری لاوازبوونی لایەنی کوردی لە ئاستی ئێراقدا هەیە. بەو واتایە ئەگەر بەشداری خەڵک لە کوردستان لە هەڵبژاردندا زۆر بەرچاویش بێت, ئەو قورساییەی کە ئێستا هەیەتی نایمێنێت, ئەگەر سوننە بەشداری کاریگەرانەی هەڵبژاردن بکەن. بەهەر شێوەیەک بێت واپێدەچێت کوردستان ژمارەیەک لە شوێنەکانی پەرلەمان لەدەست دەدات. ئەوەش وادەکات شوێنی لە گفتوگۆ و یەکلاکردنەوەی کێشەکاندا لاواز بێت.**

**کوردستان بەو بەهێزیەی خۆی کە لەسەدا 25 ی دەنگەکانی هەبوو, نەیتوانی کێشەکانی خۆی وەکو پێویست یەکلا بکاتەوە و هەندێکیان بەنیوەچڵی مانەوە. دیارە ئەوساش نوێنەرانی کوردستان کەمینە بوون. لە دوای هەڵبژاردندا وەکو پێشوو ئەوان کەمینەن و شوێنیان کەمهێزترە. بۆیەش چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکان سەختتر دەبن. سەپاندنی ویست و بەرژەوەندی نوێنەرانی کوردستان سەختتر دەبن. ئەو کێشانەی دەخرێنە ناو پەرلەمان و بە ڕێگەی پرەنسیپی زۆرینە چارەسەر دەکرێن, ئەگەری دۆڕانی زۆر تێدایە. بەکورتی ئەگەر پێشتر چارەسەری کێشەکان سەخت بوون, ئێستا چاوەڕوانی کێشەی زۆرتریان لێدەکرێت و شوێنی کوردستان لەو بوارەدا لاواز دیارە.**

**11.12.2005**

---

[1] پەیامنێر: Dec 2005, 09 , 20:05 , سەرۆك بارزانی لە گەڵ خەڵکی هەژارو کاسبکاری شاری هەولێر : ئێوە هەژار نین، هەژار ئەو کەسەیە کە ئامادە نەبێت لە پێناو ڕەوشتی بەرز و ولاَتەکەیدا قوربانی بدات